# ماڵەکەت بە گوڵ و گوڵدان بڕازێنەوە

لە بەشـــەکانی دیکۆری ماڵدا، چەندین لایەن هەن جێگەی بایەخ و جوانی دەبن. هەندێك جار شێوازی دانانی کەرەستەیەك دەبێتە ناسازی لە جوانی ڕێکخستنی ماڵ، سەلیقەیەکی جوان لە دیکۆردا یان هەڵبژاردنێکی دروســـتی کەلوپەل، لێهاتوویی تۆی خانم دەردەخات لەو کاتەی ماڵێکی ڕازاوە و سەرنج ڕاکێشت دەبێ. پسپۆڕانی دیکۆری ماڵ دەڵێن : تا چەند ماڵەکەت بە کەرەســـتەی سرووشتی پڕ بکەیەوە، ئەوەندە نزیکی لە وەدەست هێنانی دیمەن و جوانییەکی قەشـــەنگ. ئەو ڕێکخستنەی بۆ کـــەل وپەلی ماڵەکەت ئامادە دەکەی، دەبێ ڕەونەقدار و ڕازاوە بـــێ، یەکێك لەو هەنگاوانەی ماڵەکەت درەوشـــاوە دەکات لە جوانیـــدا، ئەویش دانانی گوڵ و گوڵدانە لە هەر شـــوێنێکی ماڵدا. جوانی گوڵ لە سەرووی هەموو جوانییەکەوەیە، بۆن و بەرامی گوڵیش کاتێك لە ماڵەکەتدا بڵاو دەبێتەوە، هەستێکی ناسك و خۆشت بۆ بەرجەستە دەکات.





## سەرین بەشێکە لە دیکۆری ماڵ

هەر بەشـــێك لە ماڵەکەت جێگەی شانازی و دەســـت ڕەنگینی تۆیە، بەتایبـــەت لەوکاتەی دەســـتە خوشکەکانت یان میوان دێنە ماڵت و بە دڵ خۆشیەوە باسی ناوماڵەکەت دەکەن و سەرسوڕمانی خۆیان لە جوانی و دیکۆری ماڵەکەتـــدا دەردەبڕن. ڕەنگە بە شـــتێکی بچووکیـــش سەرســـام بن، کە بـــە دیتنی دیکۆری ســـادەی جوانی هەر شتێك سەری ڕەزامەندی و سەرســـامی بلەقێنن: دیکۆری ماڵ ببینە و بەهرەمەندی و کارامەیی ئافرەت بزانە، یەکێك لەو بەشـــە جوانانەی لە دیکۆری ماڵدا هەیە، ڕێکخستن و جوانی (سەرین)ە، وێڕای ئەوەی ســـەرین لە زیاتر لە شوێنێك دادەنرێ، ئەوەی لە ژووری دانیشـــتن دادەنرێ پێیدەگوترێ (کۆشـــە)کە تەواوکەری تاخمـــی قەنەفەیە، لە دیوەخانی ماڵانیشـــدا لەگەڵ ڕایەخ و دۆشـــەك سەرینی کوردەواری دادەنرێت کە خانمان بە ڕەنگ و نەخشی جوانەوە دەیڕازێننەوە و جوانییەکی زۆریش دەبەخشـــێتە دیکۆری ژووری میـــوان. تەنانەت لە ژووری خەویش پێگەی ســـەرین تایبەتە، لەو کاتەی لەگەڵ پێخەفی نووســـتن دادەنرێت، لە شـــێوازی تازەی ســـەریندا، سەرینی چوارگۆشە بە ڕەنگی تاریك، بە جوانترین سەرین دادەنرێن لە دیکۆری ماڵدا.











# جوانترین رەنگ و نەخشی قژ

دوو لایەنـــی گرنگ هــەن لە بـــواری مۆدە و جوانکاریـــدا، یەکەمیان بریتییـــە لە رەنگ. هەڵبـــژاردن و دانانـــی هەر رەنگێـــك ئەوپەڕی پێویســـتییە بۆ هەر جل، ماکیاژ، تەســـریحەی قژێـــك. بەهای رەنـــگ گرنگە لـــە هەموو بەشێکدا، لایەنی دووەمیش بریتییە لە نەخش و شێواز، هەر یەکە لەم جووتە تەواوکەری یەکترن کە رەنگە. لەو کاتەی رەنگێکی جوان و شـــیاو دەست نیشان دەکەیت، بۆ نموونە: بۆ قژ، لەگەڵ دانانی شـــێوازێك لە پرچ داهێنان و نەخشێك لە تەســـریحەی جۆراوجۆر، ئاکام تۆ بە قژێکی جوان و درەوشـــاوە دەگەیت.جاران کچان زیاتر گرنگیان بە شـــێوازی داهێنانی قژ دەدا، لە کاتێکدا ستایلی قژیان فەرامۆش دەکرد، پسپۆڕانی بواری قژ، جەخت دەکەنە سەر هەڵبژاردنی رەنگێکی شـــیاو، ئەو رەنگانەی لە مۆدەی تازەی پرچـــی خانماندا بەدی دەکرێن بریتیین لە : رەنگی مســـی یان زیوین، قاوەیی بە ئاچوغ و تۆخیەوە، رەشـــی تاریك و کراوە. ئەو رەنگانەش دەبنە شـــا رەنگی قژ، بەمەش سەلیقە و رەونەقێکی جوان بە قژی کچان و خانمان دەردەکەوێت.





# تیلیفریکی چـــــیای کۆڕەک

لە ماوەی چەند ساڵەی رابردوودا، کوردستان بە گشتی و پارێزگای هەولێر بە تایبەتی، پێشکەوتنێکی خێرایان لە بواری گەشت و گوزار و وەبەرهێناندا بەخۆوە بینیوە، ئەو پرۆژە گەشتیارانە بوونەتە مایەی دڵگیری، وێڕای ئەوەی خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراقیش وەك گەشتیار روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ سەردانی ئەو ناوچانە. یەکێك لە جوانترین و تازەترین پرۆژەکانی گەشت و گوزار لە کوردستان، دانانی هێڵی گەشتیاری ئاسمانیە ئەوەی پێ دەگوترێت (تیلیفریك)، تاوەکو ئێستا سێ پرۆژەی لەم جۆرە لە شارەکانی کوردستاندا هەن، یەکەمیان هەردوو پارکی شانەدەر و منارە بەیەکتر دەبەستێتەوە لە هەولێرە، ئەوەی دووەمیش لە شاری یاری چاڤی لاندە لە سلێمانی، سێهەمینیش لەسەر چیای کۆڕەك دانراوە. تیلیفریکی کۆڕەك دەکەوێتە چیای کۆڕەك سەر بە قەزای سۆرانە، درێژی ئەو تیلیفریکە دەگاتە (٣) کیلۆمەتر و لە خوارەوە تاوەکو سەرەوەی چیای کۆڕەك دەبێ، جێگەی ئاماژەیە چیای کۆڕەك بە بەرزی (٢١٢٧) مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە و لەسەر ئاستی راستایی زەویش نزیکەی (١٥٠٠) مەتر دەبێ، ئەو تیلیفریکەش کاریگەریی هەیە بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن و رۆڵی هەیە لە راکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران لە ناوچەکە.



# قــەزوان

وشەی قەزوان یان دار قەزوان هاوتایە لەگەڵ وشەی قەتەناز، داربنیشت، دارچاچکە، داروەن، دارەبەن، چونکە جگە لە قەزوان ئەو ناوانەشی هەیە، داری قەزوان جگە لەوەی بەرێکی هەیە بە ناوی قەزوان بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت لە قەدەکەشی بنیشتی کوردی لێ وەدەست دێت. داری قەزوان دارێکی خۆرسکی سروشتی کوردستانە و تاوەکو ١٥ مەتر بەرز دەبێت و ئەستووریشی لە نیو مەتر زیاتر پان دەبێت کە قەدەکەی پڕە لە گرێ و لۆچ، بە زۆری لەکوێستانەکانی کوردستان دەڕوێت بە تایبەت لە ناوچەی هەوارامان و ئەو شوێنانەی ٦٠٠ تاکو ١٠٠٠ مەتر لەئاستی رووی دەریاوە بەرزن. قەزوان چەندین جۆر و شێواز و رەنگی هەیە کە بەکاردێ بۆ دروست کردنی تەسبیح. هەندێك لە قەزوان گرانبەهایە، قەزوان هەم بۆ دروست کردنی تەسبیح و هەم بۆ خواردن بە کاردێت، سوودی زۆری هەیە بۆ گەدە و خۆشکردنی دەنگ،، لەگەڵ ئەوەش دەکرێتە ناو ماستاوەوە و تامی زۆر خۆشدەکات، هەروەها جوانی دەداتە دۆ و ماستاوەکە، جیا لەمانەش لە قەدەکەشی جۆرە جەوییەك دەردەدات، لە دروست کردنی رەنگ و رۆن بەکار دێت و دەشکرێ بە بنیشت کە بە هەورامی پێیدەڵێن: جاچە کوێمانە.




# پێڵاوێک لە شێوەی حەوزی ماسی

هەموو کۆمپانیا و کارگەکانی بەرهەم هێنان و دروست کردنی پێڵاو هەمیشە لە بیری دروست کردنی شتی سەیر و سەمەرە دان، بە شێوەیەك کە بەرهەمەکەیان ببێتە مایەی سەرنجی کڕیاران تا زۆرترین فرۆشیان هەبێت، لە دواین کاری خۆیدا کۆمپانیای نایك کە کۆمپانیایەکی گەورەی ئەو بوارەیە پێڵاوێکی لە شێوەی حەوزی ماسی دروست کردووە. ئەم پێڵاوە تازە باوە ناوی Air max“٠٣٦٠” ە، هەموو شێوەی پێکهاتەکانی لە حەوزی ماسی دەچێت واتە تەواوی کەرەستە و رەنگەکان و ماسیەکانی لە حەوزێکی ئاسایی دەچێ، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو پێڵاوە ئەوەیە بە هەموو شێوەیەك رێگە لە بۆنی قاچ دەگرێت وئێستاش ئەو کۆمپانیایە خەریکی رێکلام کردن و ئەو پێڵاوەی خستۆتە بازاڕەوە.








# جلە سەیرەکەی میریام فارس

کچە گۆرانیبێژی شۆخ و شەنگی لوبنانی (میریام فارس) یەکێکە لە هونەرمەندە هـــەرە جوانەکانی ئەو وڵاتە، وێڕای ئەوەی جەماوەرێکی زۆری هەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، کەچی لەلایەن ڕۆژنامەنووســـاندا بە (کچە سەرنج ڕاکێشەکە) ناسراوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پۆشینی جل و بەرگی سەیر، تەنانەت لە هەندێك شـــوێنی گشتیشدا جلی وا لەبەر دەکات، دەبێتە جێگەی سەرنج و سەرســـامیی ئامادەبووان، ئەوەتا لە شـــەوی سەری ســـاڵدا لە وڵاتی مەغریب بووە، کراســـێکی ڕەشـــی لە جۆری (شیفۆن)ی لەبەر کردووە، کە کراسەکەی بە نەخشی زیو نەخشێنراوە. جگە لەوەی کراسی میریام خان تەنکە و بەشـــێکی زۆری جەســـتەی دیار بووە، سەرچاوەیەکی نزیـــك لە میریام فارس دەربارەی ئەو جلە ســـەیرە گوتوویەتی : نرخی ئەو کراســـە گەیشتە (١٥٠) هەزار دۆلار تەنیا بۆ چەند کاتژمێرێکی ئاهەنگی ســـەری ساڵ لەبەری کردووە.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هاوڕێیەکی بێ ئەمەکت هەوڵ دەدات لەگەڵ خێزانەکەت نێوانتان تێك بدات، ئاگاداری بە، چونکە خێزانەکەت تۆی زۆر خۆش دەوێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەوڵ بدە سەرقاڵی کاروباری خۆت بیت و واز لەکاروباری خەڵکی بهێنە، بەدەست گرفتێکی خێزانی دەناڵێنی، گرنگی بەخێزانەکەت بدەو ئەوانت لەخەڵکی تر خۆش بوێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی دەهێنت زۆر شتت بۆ ڕوون دەکاتەوە، ڕای خەڵکیش بەرامبەرت دەگۆڕێ، تۆش بزانە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ڕۆژگار زەردەخەنەت بۆ دەکات، دەرفەتی ژیانێکی سۆزداری ڕاستەقینەت بۆ دێتە پێش و لەدەست خۆتی مەدە، بەڵام ئاگاداری تەندروستیشت بە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

تۆزێك دەست بگرە بەخەرجییەکانتەوە، ئەگینا باری داراییت بەرەو خراپی دەچێت، ئاگاداری تەندروستیت بە، دان بەخۆتدا بگرە، خەرجیەکانت کەم بکەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بە ئاگادارییەوە هاوڕێکانت هەڵبژێرە، دەرفەتێکی سۆزداریت دێتە پێش، هەروەها بە هاوڕێیەکی لەمێژینەت شاد دەبیت، زۆر دڵت پێ خۆش دەبێت.

## تابلۆ

ئەمە یەکێکە لە تابلۆکانی (جۆن ویلیەم وترهاوس)کە لە ساڵی (١٨٤٩) لە ڕۆمای ئیتاڵیا لە دایك بووە لە ساڵی (١٩١٧) لە وڵاتی ئینگلتەرا کۆچی کردووە، یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکان لە تابلۆکانیدا شێوەیەکی کلاسیکی پێوە دیارە و لەم وێنەیەدا باس لە ئافرەت و ئیشکردنە، هەروەها لەو کاتەی کە ئافرەت لە کاتی بیرکردنەوەیەکی جوان و قوڵە.



## نوکتە



■ یەکێك زۆر درۆ دەکات و دەڵێ: مـن هەمـوو مانگێك سەردانێکی چین و ژاپۆن دەکەم، یەکێکیش لێی دەپرسێ: ئەگەر وایە ناوی شەقامێکی ئەو وڵاتەمان پێ بڵێ: ئەویش دەڵێ: شەقامی برووسلی !

## وتە

**- دەتوانی گوڵ بخەیتە ژێر پێت، بەڵام ناتوانی نەهێڵی بۆنەکەی لە هەوادا بڵاوبێتەوە.**

**- ڕەوشت و کەسایەتیت باش بکە نەك گیرفانت، مرۆڤ کە ڕەوشتی جوان بوو بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت گیرفانەکانی پڕ دەبن.**

## وتەی ناوداران




**-(میشێل فۆکۆ) دەربارەی هەست کردن دەڵێ :**

ئەگەر هەموو مرۆڤێك بە ئەندازەی هەستی خۆی بیری بکردایەوە، هەرگیز ئەقڵی مرۆڤەکان توشی نائومێدی نەدەبوون.

## وێنە و بیر کردنەوە

**هەوڵبدە بزانە ئەو شتە چییە کە سەری شینە و لە ڕەنگی زەردە وێنەی چ شتێکە، کە کەرستەیەکی ڕۆژانەیە وزۆربەی خەڵك کاری پێ دەکات.**



## شوێنی چ

شوێنی وەستان و چاوەڕوان کردنی پاس و ئامرازەکان هاتوچۆ، شوێنێکە بۆ خەڵك دادەنرێ و تا لەم شوێنە




# وێنەی تەیتانیک لە ژێر ئاودا



تەیتانیـــك، یەكێـــك لـــە كەشـــتییە هـــەرە گەورەكانی جیهـــان بوو، وێڕای ئەوەی بـــە ئەندازەیەكی تۆكمە و بەهێز دروســـت كرابوو، بەڵام لە كارەساتێكی خۆلێخشاندنی بە چیا بەستەلەكێكی ناو زەریادا تێكشـــكا و نوقم بوو، تەیتانیك لـــە بەریتانیاوە بـــەرەو ئەمەریكا بەڕێ دەكـــەوت، گەورەیـــی و زەبەلاحی ئەو كەشـــتییە لە شـــێوە زلهێزەكـــەی بوو، وەك شـــارێكی بچووك وابوو. لە ساڵی (١٩١٢) و لە شەوێكی سارددا تێك شكا و ژێر ئاوكەوت، ئەمەش چەند وێنەیەكی ڕاستەقینەیە لەو كاتەی تیمی پشكنین سەردانی شـــوێنی ژێر ئاوكەوتنەكەیان كردووە لە زەریای هێمندا.

# ـــــــاوەڕوانی پاس لە شێوەی قەنەفە

بوەستن و تاپاسكە دەگات، لە هەر وڵاتێك بە شێوازێك دانراوە، جیاوازی هەیە لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە، ئەوەی دەیبینن شوێنی وەستانی پاسە و لە وڵاتی بۆلیڤیایە، شوێنی چاوەڕوانی پاس، لەسەر شێوەی قەنەفە دروست كراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵك لە سەری دانیشن و پشوو بدەن، تا ئەو كاتەی پاس دەگات.





# زاخـــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتاییدا ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كەسێكی گەورە بووە لە سەردەمی شانشینەكان)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+٤+٥+٦) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خواردنێكە لە گەنم و لەئاش دروست دەكرێ)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥+٦) كۆبكەیتەوە بە مانای (ئەو كەسەی لەسەر پشتی ئەسپە)
- پیتی خانەكانی (٣+٥+٤+٢ )كۆ بكەیتەوە بە مانای (بە منداڵ دەگوترێ كاتێك تازە لە دایك بووە)



* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**كابان**) بوو

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



هەڵسوكەوتت لەگەڵ كەسانی تر باش بكەو دەم بەخەندە بە، دونیا ئەوەندە ناهێنێت، بە خۆشبینی سەركەوتنی تر بەدەست دێنیت.

## دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١



هێـزو تـوانـایـەكی لە ڕادەبـەدەرت هەیە، بەڵام بەرێكوپێكی بەكاری ناهێنیت، هۆش و بیرت بخە گەڕ، داهاتیش بەرەو باشی دەچێت، بەڵام بەباشی بەكاری بهێنە.

## كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



هـەواڵـێـكـی خـۆش بـەڕێـوەیـە، گرفتی نیشتەجێبوونت نامێنێت، هەوڵبدە، چیتر خۆت هەڵنەخەڵەتێنیت، ئامۆژگاریی دۆستێكت وەربگرە.

## گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئەوەی چوو، چوو، خۆت بـۆ ژیـانـێـكـی نـوێ ئامادە بكە، لەبواری سۆزداری و كاردا دەرفەتی سەركەوتنت زۆرە، ئەوەندە بیر لەرابردوو مەكەوە، تازە ڕابردوو ناگەڕێتەوە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



پێویستە زۆر بە وریایی مـامـەڵـە لـەگـەڵ ئەو گۆڕنكاریانەدا بكەیت كە لە بواری سۆزدارییەوە سەریان هەڵداوە، بەهەموو شتێك هەڵمەچوو، لەسەر خۆ بە گۆڕانكارییەكان لەسەر خۆن.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



سـەركـەوتـنـی بەرچاو بەدەست دەهێنی لە ئیش و كـارەكـانـت، بـەڵام لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەندە لەخۆبایی نەبیت.